# ئەم ئاینە دەگاتە هەرشوێنێک کە شەو ورۆژی پێبگات، وخوای گەورە ئەم ئاینە دەگەیەنێت بە هەموو شوێنێکی نیشتەجێبوو وهەموو شوێنێکی چۆڵ وبیابان

لە تەمیمی دارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەم ئاینە دەگاتە هەرشوێنێک کە شەو ورۆژی پێبگات، وخوای گەورە ئەم ئاینە دەگەیەنێت بە هەموو شوێنێکی نیشتەجێبوو وهەموو شوێنێکی چۆڵ وبیابان، هۆکاری شکۆداربوونی شکۆدارانە یان هۆکاری سەرشۆڕبوونی سەرشۆڕانە، شکۆدارییەک کە خوای گەورە بەهۆی دەستگرتن بە ئیسلامەوە دەیبەخشێت، وسەرشۆڕییەک کە خوای گەورە بەهۆی کوفر ورەتدانەوەی ئیسلامەوە دەیسەپێنێت». تەمیم دەڵێت: ئەمەم بینی لە نێو ئەندامانی خێزانەکەم، ئەوانەی مسوڵمان بوون تووشی خێر وڕێزداری وشکۆداری بوون، وئەوانەی کافر بوون تووشی سەرشۆڕی وبچووکی وسەرانەدان بوون.
[صەحیحە] [ئەحمەد گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەم ئاینە بڵاو دەبێتەوە لەسەر هەموو شوێنێکی زەوی، هەرشوێنێك شەو ورۆژی پێبگات ؛ ئەم ئاینەیش پێی دەگات، هەموو شوێنێك لە شارەکان وگوندەکان ودەشتەکان وبیابانەکان ؛ خوای گەورە ئەم ئاینەی پێدەگەیەنێت، ئەوەی ئەم ئاینە قبوڵ بکات وباوەڕی پێبهێنێت ؛ ئەوا شکۆدار دەبێت بە شکۆداری ئیسلام، وئەوەی ڕەتی بکاتەوە وباوەڕی پێ نەهێنێت ؛ ئەوا زەلیل وڕیسوا دەبێت. پاشان هاوەڵی بەڕێز تەمیمی داری -ڕەزای خوای لێبێت- ڕایگەیاند کە ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسیکرد لە نێو خزمانیدا ڕوویدا، ئەوەی مسوڵمان بوو ؛ تووشی خێر وڕێزداری وشکۆمەندی بوو، وئەوەی کافر بوو ؛ تووشی زەلیلی وڕیسوایی بوو لەگەڵ ئەو سەرانەیشی دەیدەن بە مسوڵمانان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11220